# گرنگیدان بە پرچ لە وەرزی پاییزدا



**سەنتەری جوانکاری دانێلا**

لە پاییزدا بە هۆی هەوای وشکیی ئەو وەرزە پرچی خانمان تووشی چەندین گرفت دەبێتەوە، بۆیە لەم وەرزەدا چەند ئاگاداری قژیان بن، ئەوەندە پرچیان جوانتر و رازاوەتر دەبێت، بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی هەڵوەرینی تەڵە مووەکانی قژ، زۆربەی خانمانیش لە دوای چارەسەری ئەو گرفتە دەگەڕێن و دەستیان ناکەوێت. هەر لەو بارەیەوە نیان خان لە «سەنتەری جوانکاری دانێلا» چەند ڕێنمایی و ئامۆژگارییەك بۆ خانمان دەخاتەڕوو تا بتوانن پارێزگاری لە پرچیان بکەن.

پرچ وەك ئەندامێکی ناسکی جەستەی مرۆڤ، زیاتر بە هۆی هەوای گەرم و وشکەوە تێکدەچێ، زۆربەی خانمانیش بۆ ڕێگری لە هەڵوەڕین و وشکبوونی قژیان بایەخ بە چارەسەرکردنی دەدەن، خانمان کاتێك تووشی ئەم حاڵەتە دەبن با نیگەران نەبن، چارەسەر لە ڕێگەی پێدانی پرۆتین هەیە، کە پرچ تازە دەکاتەوە تەنانەت تا ماوەی (٦) مانگ پێویستی بە سیشواری وشککردنەوەی پرچ نابێت هەروەها ئەو پرۆتینە ڕێگە لە هەڵوەرینیش دەگرێت، مەرجە خانمان ئەوە بزانن کە سیشواری زۆر لەم وەرزەدا کێشە بۆ پرچ دروست دەکات، چاکترین ڕێنمایی ئەوەیە کە نابێ بە ئاوی گەرم سەر بشۆردرێت و شامپۆیەکەش لەگەڵ ئەو وەرزەدا گونجاو بێت، چاکترە شەوانە بەر لە نووستن، پرچ پاك بکرێتەوە و پاشماوەی هیچ سپرایەکی پێوە نەمێنێت، لە هەفتەیەکیشدا سێ جار شامپۆ بەکاربهێنرێت،

بۆ ئەوانەی ڕۆژانە خۆیان دەشۆن، دەبێ ڕۆژێك نا ڕۆژێك شامپۆ بەکاربهێنن، تەنانەت ئەوانەی قژیان وشکە، نابێ بەردەوام شامپۆ بەکاربهێنن، واچاکە شامپۆ لەگەڵ ئاو تێکەڵ بکرێت و پاشان لە پرچ بدرێت، نەوەك ڕاستەوخۆ لێبدرێت، چونکە کاریگەری خراپی دەبێت، ئەو ڕەنگانەی لەم وەرزەدا بۆ پرچ شیاون ئەمانەن: ڕەنگی قاوەیی تۆخ و کاڵ، ڕەنگی قاوەیی شیکۆلاتە، زەردی کاڵ، ڕەشی بە بریقە.

## پێڵاوی لاس



مۆدەیەکی شیك و ناوازە ئەگەرچی جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئێکسسوار و کەرەستەکانی جوانکاری هاوین و پاییزدا نییە، بەڵام هەمیشە دەبێ گۆڕانکاری لەگەڵ گۆڕانی وەرزەکاندا هەبێ، چونکە پۆشینی هەمان پێڵاو یان سەندەڵی وەرزی هاوین لە پاییزدا، جوانیت دەشێوێنیت و شیاو نابێت، بەڵام خۆ دەتوانی گۆڕانکاری لە شێواز و ڕەنگی کەرەستەکانت بکەیت، کاتێك لە وەرزی پاییزدایت، ڕەنگە پێڵاوەکانی هاوینە بۆ پاییز شیاو نەبن، چونکە ئەو وەرزە ڕەنگەکان زیاتر بایەخیان پێدەدرێت و پلەی گەرماش کەم دەبێتەوە و کەشی ئەو وەرزە سارد دەبێ، بۆیە ئەگەر پێڵاوێکی هاوینەت لەپێی بێت،



# چاکێتی کۆتی درێژ مۆدەی وەرزی سەرمایە

جلەکانی ئەو وەرزە، بەرەو گۆڕانکاری زۆر دەچن، بە تایبەت کاتێك خانمان دەیانەوێ جلێکی نایاب و جوان و پۆشتەیان لەبەر بێت، چونکە کەشی ئەو وەرزە بەرەو ساردی دەچێ، دەبێ جلەکان پۆشتە و گەرمتر بن، تا جەستەی خانمان لە سەرما و سۆڵە بپارێزێت و هەروەها مۆدێکی جوانیش بێت لەبەریان، تا لە نێو هاوڕێیان و کەسانی نزیکیان بە جوانترین شێوە دەربکەون. مۆدی پێشبینی کراوی داهاتوو کە لەسەرەوەی هەموو جلەکانەوە لەبەر دەکرێت، بۆ پاییز و زستانی داهاتوو، کۆتی درێژ، یان ئەوەی بە قاپووت ناسراوە، دەبێتە مۆدی سەردەم بۆ ئەو وەرزە، درێژی ئەو کۆتانە دەگاتە سەرەوەی چۆك، کە تاك ڕەنگە و شێوەی سەرەوەی تەسکە و لە خوارەوەش کراوە دەبێت، تا ئەوانەی لەبەری دەکەن بە سانایی جوڵە بکەن، هەندێکیشیان تا ژێرەوەی قاچەکان دەبێ، ئەو شێوازە بۆ ئەوانەیە کە باڵای بەرزە، ئەو خانمانەی هەست دەکەن باڵایان کورتە، چاکترە چاکێتی سەر چۆك لەبەر بکەن، ئەو ڕەنگانەی دانراون بۆ ئەو چاکێتە درێژە زیاتر لە ڕەنگەکانی: ڕەش و شین و شینی دەریا و قاوەیی و سوورە، کە دەکرێت لەگەڵ هەموو جۆرە جلێك لەبەر بکرێت و ببێتە مۆدێکی شیاو، کە هەم گەرم و گوڕە، هەم وا دەکات لەش و لاری ئافرەت سەرنج ڕاکێشتر دەربکەوێت.

## ـــــی بالێرنا




ئەوکاتە پێیەکانت بەهۆی سەرماوە تووشی قلیشان و وشك بوون دەبێ، بۆ ئەوەی پێیەکانت بپارێزیت دەبێ شێوازێکی تازە لەپێی بکەیت، هەروەها مۆدێکی شایستە بێت تا لەگەڵ جلوبەرگ و شێوازی جەستەت شیاو بێت، ئەو پێڵاوانە هەم سەندەڵ و هەمیش پێڵاوە لە مۆدی (لاسی ئەپ بالێرینا Lace up - Ballerina)، کە بە قەیتانە و تەڵی لە پێشەوەی هەیە، ئەو قەیتانانەش لە شێوەی گوڵ و ئاڵۆز دەبەسترێت، خانمانیش

دەتوانن ئەو مۆدە پێڵاوە لەگەڵ پانتۆڵی جینز و قوماش و هەروەها تەنوورە و ستریچ لەبەر بکەن، بە تایبەت ئەگەر بەشی خوارەوەی پانتۆڵەکان کراوە و فراوان بێت.




## ئەو ئافرەتەی ون دەبێت !



## هاوسەرگیری بووک و زاوایەکی بیانی لە قەڵای هەولێر

وەك مێژوونووسان دەڵێن قەڵای هەولێر مێژوویەکی دێرینی هەیە، ئەو قەڵایە دەگەڕێتەوە بۆ (٥٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر، ئەو قەڵایە دەکەوێتە شاری هەولێر، مێژوو و دێرینی و جوانی ئەو قەڵایە وایکردووە کە گەشتیارێکی زۆر ڕووی تێبکەن و سەردانی بکەن، نەوەك تەنیا گەشتیاران بەڵکو بووك و زاواش ڕۆژی هاوسەری و وێنەگرتنی بووك و زاوایان لەو قەڵایە ئەنجامدا، کچێکی میدیاکاری سووری کە ئاوارەی وڵاتی ئەڵمانیا بووە بە ناوی (سەتیر حاکم)ی (٢٩) ساڵ، لەگەڵ کوڕە گەنجێکی ئەڵمانی ئاشنا دەبێت. کوڕەکە ناوی (کارستین شۆردێر)ە و تەمەنی (٣٣)ساڵە، دوای ئەوەی بڕیاری هاوسەری دەدەن، لەسەر خواستی ئەو کچە کە وێنەی هاوسەرییان لە شاری هەولێر و لەسەر قەڵا بێت، هەر بۆیە بە گەشتێکی تایبەت سەردانی قەڵا دەکەن و بە جلی بووك و زاواوە وێنەی جۆراوجۆر لە نێو تەلارە کۆن و شوێنەوارەکانی نێو قەڵای هەولێر دەگرن، وەك شوێنێکی دێرین و جوان تا لە نێو یادگاری هاوسەرییان بمێنێتەوە، وەك سەتیر دەڵێ: مەبەستم لەو کارە پەیامێك بوو بۆ تیرۆرستان کە ناتوانن بگەن بەو شوێنە جوان و دڵگیرە، پێشتر سەردانی قەڵام کردبوو، هەر بۆیە پێم خۆش بوو لەسەر ئەو قەڵایە ڕۆژی هاوسەری خۆم بەسەر ببەم.

## هەر چاوێکی ڕەنگێکە!

هەردوو چاوانی هەر مرۆڤێك لە ڕەنگێکە، کە ئەوەش بە پێی پێکهاتەی خانەکانی ناو گلێنەی چاوەکانەوە کە ماددەیەکی تێدایە ڕەنگەکە نیشان دەدات، بەڵام زیاتر ڕەنگەکانی ڕەش و قاوەیی زۆرترن لە هەموو ڕەنگەکانی دیکەدا، هەندێ جاریش ڕەنگی چاوی هەندێ کەس ناوازە و جیاواز دەبن لەگەڵ هەر مرۆڤێکی ئاسایی، وەك ئەو کچە نمایشکارە، کەچاوەکانی دوو ڕەنگە، (سارە ماکدانیال) کاری نمایشکاری جلوبەرگ دەکات، ڕەنگی چاوێکی شینە و ئەوەی دیکەش لە شێوەی قاوەیی و زەرد دەردەکەوێ، وێڕای ئەوەی کە گەورەیی و جوانی چاوەکانی ئەو کچە ئەمریکییە کاتێك وێنەکانی بڵاودەکرایەوە، کە ببوە جێی سەرنجی زۆربەی ڕخنەگران کە دەیانگوت ئەوە کاری فۆتۆشۆپە، بەڵام دواتر ویستی ئەو کارە بسەلمێنێت و لە بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی تەلەفزیۆنی بەشداری کرد، جگە لەوەی کە دکتۆرێکی چاوی هێنابوو، تا لە دروستی حالەتەکە ئاگادار بێت و ڕوونکردنەوە بە ئامادەبووان بدات، کە ئەمەش بە حاڵەتێکی دەکمەن دادەنرێت.



تەنیا مردن مرۆڤەکان ون دەکات، ئەوەش ئەمەش دوا وێستگەی ژیانە، بەڵام ئەو ئافرەتە ماوە ماوە بەشێکی جەستەی ون دەبێ، ونبوونی واتە بەرەو لێبوونەوە و کەوتن دەچێ، کە ئەوەش بەهۆی دەگمەنترین نەخۆشییەوەیە کە بە دەستییەوە دەناڵێنێت. ئەو ئافرەتە ناوی (ئاشلی کۆرپل)ـە، تەمەنی (٣٢) ساڵە، هەر لەو کاتەی لە دایك دەبێ تووشی ئەو نەخۆشیە بووە کە بە نەخۆشی ڕەقبوونی ماسوولکەکانی جەستە ناسراوە، ناوی زانستی ئەو نەخۆشییە بریتییە لە (Fibrodysplasia Ossificans)، کە هێواش هێواش ماسوولکەکانی جەستە بەرەو ڕەقبوون دەچێ و پاشانیش دەبێت ئەو ماسولکە ڕەقبووە ببڕدرێتەوە. تا ئێستا شانی ڕاستەی بڕاوەتەوە، کە جووڵەکردنیشی ئاستەمە و ژیانی بەرەو تێکچوون دەچێ، دوای چەندین پشکنین و هەوڵی جۆراوجۆر، نەتوانراوە ڕێگری لە پەرەسەندنی ئەو نەخۆشییە بگرن، پسپۆڕانیش دەڵێن: لامان سەیرە کە جەستەی ئافرەت ئەوەندە نەرمە، بەمجۆرە ڕەق بێ و ببێتە پەیکەرێك، وەك خۆشی دەڵێ: ئەوەندەی ماوم ژیانم بە خۆشترین شێوە بەڕێ دەکەم و تا ئەو کاتەی دەبمە پەیکەرێکی زیندوو.




# شاجوانە بچووکەکە !

هەموو منداڵێك شاجوانێکە بۆ خۆی، چونکە سەر و سیمایان لە گوڵ و گەڵا پاکتر و جوانترە، هەندێك هەر لە ڕۆژی لە دایك بوونیانەوە سەرنجی هەمووان بۆ خۆیان رادەکێشن، وەك ئەوەی فریشتەیەکی بچووك بن لە جوانیدا، ئەو کچە بچووکەی وڵاتی کۆریا، کاتێ دایك و باوکی وێنەیەکی لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی پۆست دەکەن، بەهۆی ئەو جوانییە ناسکەی لە ڕووخسار و چاوە گەشەکان و کولمەکانیدایە، بە سەدان و هەزاران وتە و وشەی خۆشەویستی ئاراستە دەکرێ، ئەو کچە ناسکە ناوی (جای ئیۆن)ە، لە دایك و باوکێکی کۆری لە دایك بووە، تەمەنی تەنیا سێ ساڵانە، ئێستا بۆتە ئەستێرە و شاجوانی تۆڕەکانی ئەو وڵاتە و بەڵکو زۆربەی خەڵکی جیهانیش، کاتێك سەیری وێنەکانی دەکەیت، لە خۆتەوە دەکەوێتە بەر دڵت و خۆشتدەوێت، لە ئێستاوە پێشبینی دەکرێ کە لە داهاتوودا ئەو کچە ببێتە شاجوان، چونکە جوانی ڕووخساری ئەفسووناوی و سەرنجڕاکێشە.

# سۆبای دار لە نێو ئۆتۆمبێلدا



پیاوانی بە تەمەن و دونیا دیتە دەڵێن سەرما و سۆڵەی زستانی ئەمساڵ وەك گەرمای هاوین بەتێن دەبێ، ئیدی لە ئێستاوە واباشە خۆمان بۆ ئەو سەرمایە ئامادە بکەین، بە تایبەت کاتێك لە نێو ئۆتۆمبێلدا دەبین، تا هەندێك گەرم دەبینەوە، دەبێ سەرما بچێژین، بەیانیان زوو کاتێك ئۆتۆمبێڵەکەت کار پێدەکەی تا ناوەوە گەرم دەبێ، لەرزێك دەگریت، هەر بۆیە ئەو کوڕە لە وڵاتی سوید، چارەسەرێکی بۆ ساردی ناو ئۆتۆمبێل دۆزیوەتەوە، ئەویش بە دانانی سۆبای دار، ئەو کوڕە ناوی پاسکال پرۆکۆپە و ئوتۆمبێلێکی جۆری (ڤۆلڤۆ)ی هەیە، سۆبایەکی داری لە لای خۆی داناوە و هێدی هێدی ئوتۆمبێلەکەی لێدەخوڕێت و جار جارەش کۆلەکە دارێکیش دەخاتە ناوی، هەمان ئەو بیرۆکەیە لەلایەن ئافرەتێکی چینی پیادە دەکرێت، تا لە سەرمای وڵاتەکەی بە دوور بێت، کە ئەویش سۆپایەکی داری لەلای خۆی بەستووە.

## یاری پیت

هەوڵبدە لە ریزکردنی ئەم کۆمەڵە پیتە، ناوێك دروست بکەی :

ت ه ف ك

ئاسانکاری : خواردنێکە !



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئاراستەی بیرکردنەوەت بەرەو ناخۆشی و رەشبینی دەچێ، هەوڵبدە ئەو کارانەی ئێستات کاریگەرییان نەبێ لەسەر شێوازی ژیانت، رەنگە تووشی ماندووبوونی زیاترت بکات. لەگەڵ کەسێکدا دڵخۆشن و پەرە بە پێوەندییەکانتان دەدەن، بەڵام نەیاریشتان زۆرە و دەبێت وریا بن و نەهێڵن کەسانی دیکە بێنە نێوانتان.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەو کێشەیەی لەگەڵ کەسێکی نزیکتدا هەتە، رەنگە ببێتە هۆکارێك بۆ بێزاریت لە ژیاندا، واباشە پێکەوە دانیشن و چارەسەری کێشەکانتان بکەن. نهێنییەکانت با هەر لەلای خۆت بێ و مەهێڵە کەسانی دیکە پێی بزانن، هاوەڵی نزیکت هەن و تۆش فەرامۆشت کردوون، پێویستە دیسان لێیان نزیك ببیتەوە و زیاتر بە یەکەوە بن.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

وا هەست دەکەیت کە بەختت نییە لە کارەکانت، بەڵام ئەوە مانای نییە، هەوڵەکانت رابگری. پێویستە کارەکانت دووبارە جێبەجێ بکەیتەوە و چارەسەری گرفتەکانت بکەیت. کەسێکی نزیکت دلی لەلاتە و دەیەوێ هەموو کات لەگەڵت بێت، تۆش رێگەی بدە، چونکە نیازی خراپ نییە و بیر لە هەستەکانت دەکاتەوە.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

پێویست ناکات ئەوەندە بە دوای هەواڵی کەسانی دیکەدا بچیت، ئەگەر کەسێك نەیویست لە تۆ نزیك بێت، تۆش ئەوەندە خۆتی بۆ ماندوو مەکە. لە ماوەیەی داهاتوودا بیرکردنەوەت گۆڕانکاری بە سەردا دەێ و لەگەڵ کەسێکدا هاوسۆز و دڵخۆش دەبن، بۆیە یارمەتی بدە و کارەکانی بۆ رێکبخە.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

کارکردن لەگەڵ کەسێکی نزیکدا کە جێگەی متمانە بێت، هەوڵێکی گرنگە تا کارەکانت ئاسانتر بێت و سوود لە بیرۆکەی یەکتر وەربگرن. پێویست ناکات هەموو کەسێك فەرامۆش بکەیت، دەبێت مامەڵەکردنت نەرمتر و باشتر بکەیت. کەسێك چاودێریت دەکات تا بزانی کارەکانت چۆن بەڕێوە دەبەیت.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

بەرپرسیاریەتیت مانایەکی گەورەی هەیە و تۆش فەرامۆشی مەکە، ئەو کارانەی بە تۆیان راسپاردووە دەبێ بە باشی جێبەجێیان بکەیت. دەست مەخەرە کاری کەسانی دیکەوە، هەستەکانت پێویستیان بەو کەسەیە کە لە دڵتە و هەوڵی بۆ بدە و کاتەکەی گونجاوە و بەدەستی دەهێنیت. زیاتر بیر لە داهاتووت بکەرەوە.



## پەند و وتە

**- نیلسۆن ماندێلا، دەربارەی رەوشت و راستگۆیی و درۆ دەڵێ:**

ئەو دوو شتەی هەرگیز لەگەڵ یەکتر نابن، تەنانەت ئەگەر بەیەکەوەش بن کارەسات روودەدات، یەکەمیان، درۆی لەلای پیاو، بێ رەوشتی لەلای ئافرەت!



## فێڵکاری

- لەم وێنەیەدا، کە خانووێك بە دار لە شوێنێکی چۆڵ دروست کراوە، هەوڵبدە بزانە شێوەی دروستی کردنی خانووەکە چۆنە، ئایا تەنیا دارە و نێوانی پارچەکان بۆشاییە، یاخود ئەو کەسەی دروستی کردووە ئاوێنەی بەکارهێناوە !


## بۆ زانین


**- زیرەکی و هەست لە دڵە، یان لە مێشك!**

چەندین بیر و بۆچوونی کۆن هەبوون دەربارەی ژیان، کە هەندێکیان تەواو بە هەڵەدا چووبوون، لەوانە دەگوترا: کە زەوی بازنەیی نییە، هەروەها رۆژ ئاگر نییە، تەنانەت بڕوایان وابوو کە سەرچاوەی زیرەکی و هەست و سۆز لە دڵە، وەك ئەوەی دڵی مرۆڤ بەرپرسیار بێت لە پێدانی هەست و سۆز و بیرکردنەوە و زیرەکی، بۆیە پزیشکانی ئەو سەردەمە دڵیان بە سەنتەری زانیاری و زیرەکی دانابوو، تا ساڵی (١٦٢٨) کە زانایەکی بەریتانی بوو لە ساڵی (١٥٧٨) لە دایك









# لێوی مرۆڤ بۆ تابلۆی وێنەکێشان

ئەوانەی خاوەن بیرۆکەی ناوازە و جوانن، هەمیشە دەتوانن بە هەنگاوێکی سادە، کارێکی گرنگ ئەنجام بدەن، مەرج نییە بەرهەمەکەت تێچووی زۆری بوێت، بەڵکو بە بیرۆکەیەکی سادەوە دەتوانی نازناوێکی گەورە بە دەست بهێنیت، ئەوانە چەندین وێنەی جۆراوجۆری نمایشی لێوی مرۆڤە، کە لەلایەن کچێکی بەریتانییەوە نمایشێکی وێنەکێشانی بە لێوی مرۆڤەوە کردووە، ئەو کچە ناوی (لاورا جێنکسۆن)ە، دوای ئەوەی کۆمەڵێك کچی هێنا، هەموویان هاوڕێ و دۆستی خۆی بوون، یەکە بە یەکە لێوی هەمووانی بۆیە کرد، بە نەخش و وێنەی جۆراوجۆر، دیارترینیان وێنەی گیانداران و کەسایەتییە ناودارەکانی جیهان بوون، بەمجۆرە توانی لێوی مرۆڤ بکاتە تابلۆی وێنەکێشان و نمایشێکی گەورەشی بۆ بکات.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

پێویستە لەناکاو کارەکانت فەرامۆش نەکەیت، بەڵکو هەریەکەیان بە پێی کات و گرنگیی خۆی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت. هەنگاوەکانی ئێستات بەرەو چارەسەری گرفتەکان دەچێ و کەسایەتیت شایستەی ڕێزە و دڵخۆش بە بە ژیریی خۆت و کارێك مەکە لە داهاتوودا کە ببێتە هۆی بێزاریت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئەگەرچی ژیان قورسە و ماندووبوونی دەوێ، بەڵام لە هەوڵدان و کۆشش بەردەوام بە تا بە ئامانجەکانت دەگەیت. کەسێکی بە پەلەی و هەوڵ دەدەیت بە پەلە بە ئامانجەکانت بگەیت، ئەوەش هەڵەیە و دەبێ ئارام بگریت، خەم خواردن هیچ سوودێکی نابێ بۆت، بۆیە پێویستە بەهێز بی و لە کارەکانت بەردەوام بیت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

هەنگاوەکانت بەرەو چارەسەری کێشەکان ڕێگەیان گرتووە و بەردەوام بە تا ئە ئەنجامی بڕیارت دەگەیت. بە قسە و باسی کەسانی دیکە سارد مەبەوە لە کارەکانت و بەردەوام بە، کاتێك بیر لە داهاتووت دەکەیتەوە ڕەشبین مەبە. هاوسۆزیت لەگەڵ کەسانی نزیکت مانای ئەوەیە کە لێت رازین و متمانەت بە خۆت بێت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

ئەو کارەی دەیکەیت پێویستە سەرەتا بیری لێ بکەیتەوە و هەوڵی کارەکانت سەرەتایەکی پێویستە، زۆر جار کارەکانت بە جوانی دەست پێدەکەیت، کەچی دواتر ئەنجامی باشی بۆت نابێت، بەڵام مەهێڵە گرفتێکی بچووك کارەکانت تێبکدات و ژیانت بشێوێنیت. لەگەڵ کەسێکدا دڵتان خۆش دەبێت و بڕیاری جوان بە یەکەوە دەدەن،



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

هەندێ لە هەڵەکانت دەبنە مایەی نیگەرانیت و کەسانێك لە خۆت زویر دەکەیت، مەهێڵە ئەو گرفتانە بەرەو ناخۆشیت ببەن. ئەوەی دەیکەیت بۆ داهاتووت بەسوودە و دەتەوێت لە نزیکەوە لەگەڵ کەسێکدا بیت، بەڵام ئەو ڕێگەت نادات و چاکترە فەرامۆشی بکەیت، دڵنیابە لە هەنگاوەکانی خۆت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ئەو ئەرکانەی لەسەر شانتە، پێویستە بە جوانی جێبەجێیان بکەیت و بڕیاری داهاتووی ژیانت لە دەستە خۆتە، بەڵام نابێ پەلە بکەیت. ئەو کەسەی لە دڵتە ماوەیەکە نیازی کارێکی جوانی بۆت هەیە، بەڵام تۆ فەرامۆشت کردووە و ڕێگەی نادەیت، کەسێکی بە سۆزی و دڵت بەرگەی هەموو ئازارێك ناگرێت.

## یاریت

بووە، هەر ئەویش بوو توانی ئەو بیردۆزانە ڕەت بکاتەوە کە دڵ سەرچاوەی هەست و زیرەکییە، ئەوەی سەیر بوو، کاتێك هارڤی گوتی : دڵ تەنیا کاری خوێن هێنان و بردن دەکات، جگە لە مۆتۆرێکی خوێن هیچ کارێکی دیکە ناکات، بەڵام بیرۆکەی هارڤی ڕەتکرایەوە، تا دوای (١٥٠) ساڵی دیکە، کە ئەو بیرۆکەیە ڕاست دانرا، لەوەی دڵ تەنیا کاری هێنان و بردنی خوێنە بۆ هەموو جەستە، ئەوەی سەیرە تا ئێستاش زۆربەی خەڵك کە بیر لە خۆشەویستی و هەست و سۆز دەکەنەوە، ئاماژە بە دڵیان دەدەن نەوەك مێشك.





## کاریکاتێر

- ئەو کاریکاتێرە باس لە بیرۆکەیەکی بەهێز و تەنانەت ڕاستەقینەی ژیانی ئێستا دەکات، بە تایبەت ئەو کەسانەی کە چەندین ڕێگایان لەبەردەستە بۆ سەرکەوتن، بەڵام بەهۆی نەزانینەوە، هەروەها بە هۆی خراپ بەکارهێنان و ڕێگەی هەڵەوە ناتوانن بەسەر کۆسپەکان سەرکەون و لە هەنگاوەکانیان سەرکەوتوو بن.



## نوکتە

- جارێکیان پیاو و ژنێك بەیەکەوە دادەنیشن، پیاوەکە لە خۆیەوە دەڵێ : ئافرەت خۆزگە ئۆتۆمبێلمان هەبوایە و ئێستا پیاسەیەکی دەرەوەمان دەکرد، منداڵەکانیشیان لەلایانەوە دەبن و کاتێك گوێیان لە قسەی باوکیان دەبێ بۆ ئۆتۆمبێلەکە، دەبێتە شەڕیان و هەموو دەڵێن من لە لای پەنجەرە دادەنیشم، باوکیشیان بە دەنگە دەنگیان تووڕە دەبێت و دەڵێ : هەستن وەرنە خوارەوە و کەس لەگەڵ خۆم نابەم.